www.kurdistannet.org
1-7-2006 11:35بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

## بانگەواز بۆ خۆپیشاندانی سەرانسەری لە رۆژی 21-8 بۆ بەردەم باڵیۆزخانەکانی عێراق، لە رۆژی دادگاییکردنی سەدام حسێن لە سەر دۆزی ئەنفال

**هاووڵاتیانی خۆشەویست**
**رەوەندی کورد لە هەر وڵاتێک هەن**
**پارت و رێکخراو و کەسایەتییە کوردستانییەکان**
**مرۆڤدۆستان ئازادیخوازان**

**بریار وایە رۆژی 21-8-2006 سەدام حسێن و هاوکارانی لە بەرامبەر ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال دادگایی بکرێن، هەر وەک ئاگادارن لە دادگای شاری لاهای لە پرۆسەی دادگایی فرانس ڤان ئانراتدا، ئۆپەراسیۆنی ئەنفال وەک تاوانی ژینۆساید بە فەرمی ناسینراوە، بۆیە نابێت لە دادگای بەغدا، بە ئەنجامی لەوە کەمتر رازی ببین.**

**لە رۆژی دادگاییکردنی "سەدام حسێن"دا، خۆپیشاندانی سەرانسەری بۆ بەردەم باڵیۆزخانەکانیَعێراق لە وڵاتانی دەرەوە رێک دەخەین، پشتگیری لە دادگاییکردنەکە دەردەبرین و داواکارییەکانمان جارێکی دیکە پێشکەش دەکەینەوە و گوڵی رەش لەبەردەم دەرگای باڵیۆزخانە و قونسڵییەکان دادەنێین، هەموو کەس و لایەنێکیش دەتوانێت بەشدار و هاوکار بێت لەو کەمپینە سەرانسەرییە.**

**داواکارییەکانمان لەم خاڵانەی خوارەدا خۆ دەبینێتەوە:**

- **دەوڵەتی عێراقی پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران و تەعریب... وەک تاوانی ژینۆساید بە فەرمی بناسێت.**
- **دەوڵەتی عێراق بە فەرمی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات.**
- **کارەساتی کیمیابارنکردنی شارەکانی " سەردەشت، زەردە، شنۆ، ئاڵوەتان، رەشە هەرمی... ، هەروەها بۆردومانی شارەکانی باینجان، بانە، خانە، مەریوان، کرماشان... لە دادگای تاوانباران پەروەندەی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە، قوربانیانیش قەرەبوو بکرێنەوە.**
- **بەشێک لە دادگاییەکە بگوازرێتەوە کوردستان، بە تایبەتی بۆ شاری هەڵەبجە.**
- **دەبێت حکومەتی عێراقی بە فەرمی بە دوای چارەنووسی ئەو زارۆک و ژنانەدا بچێت کە فرۆشراون یان بەخشراون بە وڵاتانی عەرەبی.**
- **هەموو تاوانبارانی ئەنفال بە بێ جیاوازی دادگایی بکرێن، دەزگا حیزبی و ئیدارییەکانی کوردستان و عیراقیان لێ پاک بکرێتەوە.**
- **پێویستە شاری هەڵەبجە و سەرجەم شار و شارۆچکە و گوندەکانی تری کوردستان کە بە هۆی رەفتاری رەگەزپەرستانە و ئەنفالکردن و کیمیابارانەوە زیانیان لێ کەوتووە، لە ژاری کیمیایی پاک بکرێنەوە و هەموو جۆرە خزمەتگوزارییەکی پێشکەوتوو بۆ دانیشتووانیان دابین بکرێت.**
- **هەموو قوربانیان قەرەبوو بکرێنەوە، حکوومەتی کوردستانیش بە پەلە بریار بدات هەموو ئیمتیازاتی شەهیدانەیان بۆ دابین بکات.**
- **تاکو ئێستا ژمارەیەکی زۆر لەو قوربانیانە بەدەست نەخۆشی و بە ئازاری بریندارییەوە دەناڵێنن، دەبێت بە پەلە چارەسەر بکرێن.**

**لە کۆتاییدا داخوازین لە هەموو پارت و رێکخراو کەس و لایەنێکی دڵسۆز، بەشداری لەم کەمپینە سەرانسەرییەدا بکەن، بەشداریکردنتان لە خۆپیشاندانە سەرانسەرییەکانی رۆژی 21-8-2006، پشتگیری ئێوە لە دادگاییکردنی تاوانباران سەروەرییەکی دیکەیە دەچێتە سەر مێژووی پڕ لە تێکۆشان و قوربانیدانتان.**

**بۆ بەشداریکردن لە کەمپینەکە و پەیوەندیکردن بە چاکەوە:**

]
Chak_org@yahoo. com
www. chak. info
**ناوەندی چاک**
27-6-2006